کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:48 4-9-2007

## بەڕێز سمایل خانی دەلۆ بەڵی تۆ ڕزگارکەری وڵاتی و ئیمەی کەس و کاری ئەنفالیش تاوانبارین ... ئەنفاکراوێکی گەرمیان

(ڕۆژی /2007/6/24 کات ژمیر 17: 14) دەقییقە بە کاتی ئەوروپا سایتی کوردستان نیتی خۆشەویست کەسیك بە ناوی عەلی مەحمود مەحەمەد بەشێك لە ناوی ئەو تاوانبارانەی ڕادەکێشرێنە دادگا بڵاو کردوەتەوە یەکێك لەوناوانەی کەناوی هاتووە ژمارە (17) یە ناوی ئسماعیل عزیز خانەوە نوسراوە ئەگەر زەحمەت نەبێت خوینەرانی کوردستان نیت خۆتان بڕۆن ئەرشیفی کوردتان نیت بکەنەوە جا ئەوسا بۆتان دەردەکەوێت من ڕاست بێژم یان بەڕێز سمایل خان. بەڕێز سمایل خان ئەڵێت ئەوەی وتارەکەی نوسیوە ئەگەر کەس و کاری ئەنفال بوایە ئەوە دەی نوسی کەس و کاریەکی ئەنفال بەڵێ ئەزانیت بۆ من نوسیومە ئەنفالکراویەکی ئەنفال لەبەر ئەوەی ئێستاکە ئیمەی کەس وکاری ئەنفالەکان لەم وڵاتە گەندەڵدا ئەنفالین چونکە ئەوەی ئەنفالکراو شەهیدی دا ئێستا هەژارترین چینی ئەم کوردستانەیە ئەوانەشی وەك بەڕێز کاك سمایلە دەوڵەمەنترین کەسی ئەم کوردستانەیە لەبەر ئەوەی کەس و کارێکی ئەنفال 150 هەزار وەردەگرێت کە بەشی بژێوی ژیانی ناکات کەسێکی ئەنفالچی وەك بەڕێزیان مانگانە لە لایەن دەسڵاتە گەندەڵخوازەکەی کوردستانەوە بەملوین دویخانانە وەردەگرێت کاك سمایل منیش وەك تۆبم قسەی زۆرلەو قسانە خۆشترم بۆدێت. بەڕیزی دەڵیت ئەو کەسەی ترسنۆکە وابەناوی خۆیەوە شت نانوسێت ئاخر نەهەقمە بەناوی نهێنیەوە ناو خۆم بنوسم ئەزانی بۆ چونکە ئیستاکە تۆ دەسەڵات لەپشتە ئەگەر بزانن کێ نوسەری بابەتەکەیەئیستاکە یان لە دزگای پاراستن بوو یان دزگای زانیاری وکو چۆن کاتی خۆی لەترسی کەسانی وەك بەڕێزت و هاوشیوەکانت دە ترساین ئیستاش هەر دە ترسین. بەڕێزی دەڵێت ئەو کەسەی ئەمەی کردوە ڕقی لە شۆڕشی برایم خانە نەخێر وانیە چونکە مێژوو شاهیدی ڕاستێکانە نەك شاری کفری بە شۆڕشی برایم خانەوەکات بەَ ڵکو دەبێت دەبێت هەموو کورد شانازی بەو شۆڕشەوە بکات چونکە برایم خان ناوی لە مێژوی پڕشانازی گەلە کەماندا تۆمار کراوە ئەوە کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات بەڵام بەڕێز سمایل خان بەڕێزت ناوت لە لیستی تاوانبارانی ئەنفالدایە مێژوو ئەمەی لە لاپەڕەکانی خۆیدا نوسیوە بۆ ئیمەی خوێنەرو نوسەر ئەگەریش پێت دەکرێت 200 ناوی تر بنوسە لەم سایتە خۆشەویستە بڵێ من ڕزگارم کردووە چونکە شاڵاوی ئەنفال زۆر لەوە گەورەترە کە تۆ بچوکی دەکەیتەوە ئەگەر ئەو ناوانەی کەباست کردووە گوایەڕزگارت کردوە لە شاڵاوی ئەنفال دڵنیابە 40 ئەوەندەی ئەوەتیشە ئەنفال کردووە زۆریشم پێ سەیرە دەمی هەرچ موستەشارێك دەکەیتەوە دەڵێ من دەستم لە شاڵاوی ئەنفالدا نەبووە سەیرە تۆ بڵێت کەس وکارەکانمان بەسیحر کۆکرانەوەو زیندە بەچاڵکران هەق وابوو هیچ موستەشارێك لە ڕوی نەهاتبایە ئاوابێ شەرمانە وەسفی خۆی بداتەوە لەڕۆژنامەو سایتەکان وائیمەی کەس وکاری ئەنفال لەبەر خاتری ئەوەی جارێکی تر کورد دەربەدەر نەبێت وازمان لە تاوانەکانتان هێناوە. پەندێکیش هەیە دەڵێت (کەس بە ماستی خۆی ناڵێت تورشە) ئەگەر بەڕێزی دەستی لە شاڵاوی ئەنفالدا نیە بۆ لە یادی ئەنفالدا داوا لە سەرەك بارزانی ناکەیت ئیسك و پروسکی ئەنفالەکان بهێنێتەوە بۆ باوشی نیشتمان باباشیش بزانی من وەکو نوسەریەك ڕقم لە هیچ کەسێك نیە خەیری ئەوانەی خیانەت لە نیشتمانی دەکەن.. کاك ویسف گیان پێم خۆش بوو نوسەرێکی وەکوو بەڕێزت لە یادی ئەنفالدا ڕیپۆرتاژێکت بکردایە لە گەرمیان لەگەڵ پاشماوەی ئەنفالکراوەکاندا تاکو بۆت دەرکەوێت ژیانی ئیستای ئەوان چۆنەو ژیانی ئەو موستەشارەش چۆنە وابەڕێزت موقابلەت کردووە سەبارەت بە یادی پڕ شکۆی شۆڕش گێڕی گەلە کەمان ئبراهیم خانی دەلۆ بچویتایە موقابلەی نوسرانی شاری کفریت بکردایە نەك تاوانبارێك خوایکردوە نەك کوڕزای بووە خوای کردووە برایشێتی چونکە ئەگەر ئیستا بەڕێز برایم خانی دەلۆ خۆی بمایە نەفرەتی لە خیانەتی کوڕەزاکەی دەکرد مەبەستم لەم وتارانەش ئەوەیە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خوینەرە تازە پێگەیشتۆکانمانیش بە هەڵەدا نەڕۆن و بزانن خیانت چی مێژویەکی ڕەشەو فیداکاری و قوربانی دانیش چی مێژویەکی پرشنگدارە بڕیارمیش داوە ئیتر خۆم بە جواب دانەوەی هیچ کەسێکەوە خەریك نەکەم لەسەر ئەو وتارەی نوسیومە لەبەر ئەوەی کاتم نابێت بۆ نوسینەوەی وتارەکانم لەسەر گەندەڵکارانی ئەمڕۆی دەسەلات کە خوینی ئەم میللەتە بەش مینەتەیان هەڵ مژیوە دەیدەن بە ڤیلا و ئۆتۆمبیل و هتد ... ... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.